کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

31-7-2007 14:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دایکه نیشتیمان ... بەکر حەبیب**

ئەزانن تەنانەت بۆنی زەویش لێرە وەک وێنیە
ڕەنگی گوڵ وتامی خواردن لەهی ئەوێ بێبەریە
زۆر زەحمە تەساتی ئێرە وەکو ئەوێ لێم ڕابورێ
هەناسەی گەرووی نامۆیی بەسانایی بێت و بچی
شەوی ئێمە ساتەوەختی درێژو زۆر بێ ئاکامە
هەموو چرکە و کاژێرێکی پرسەریەشە و پرلە زامە
لێرە زمان بێهاوەڵە ولەدووتوێیدەمدایەخسیرە
مندال گەنجی سیسالەیە و گەنجیش بەڕوخساری پیرە
زەمەن هەر بۆ ئەوانەیە کە هەستیان تیدانەماوە
لاشەی زلیان کارتۆنیە ومێشکیان وەکو کەلاوە
بەرووالەت مرۆ شێوەن بەلام ناخ بۆش و کلۆرە
لەکوێ بەرژەوەندیان بێت دەیدەن لەزوورەی بالۆرە
خۆ ئەوانە زمان لووس و بێ ویژدان وکاسەلێسن
هەر ڕۆژە لەسەر نەغمەیەک خوری ئامادە ئەرێسن
لایان وایە ووشەی وولات گاڵتە وگەپی چرکەیەکە
بۆ منیش بەبێ کوردوستان هەموو دونیا دوورگەیەکە
ئەگەر ئیستا بڕەخسایە باڵم دەگرت بۆ ئەو شوێنە
تاکە خانەقای ئەم دڵە و لابەری غەمی سەرسینە
بۆ لای ئەو تەنها فریشتەی شە وانی ئەشک و ئەنگوستەم
هەر ئەوە دایکی دڵسۆزی ئێست او ڕابردوو ئایندەم

ئۆرەبرو/

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.